# خەوخۆش پەرلەمانتاری ئازیز

زیرەك عەبدوللاَ

لەو کاتەی کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم گۆڕانکاریەکی گەورەی کۆمەلاَیەتی و سیاسیدایە, لەو کاتەی کۆمەڵگا لە شەڕی دەستەویەخەدایە بۆ وەرگرتنی ئەو مافە ڕەوایانەی کەوا لەپێناویدا سەدان ساڵە دەجەنگێت و مرۆڤ بە کوشت دەدات, کەچی ئێستا کەسگەلێك بە قەولی خۆیان نوێنەری گەلن و لەناو بەرزترین دەزگای شەرعی ئەو وڵاتە و لە ناسکترین کاتدا خەویان لێکەوتووە, باشە تۆ بڵێی پەرلەمانتارێك لەناو کۆبوونەوەیەك خەوی لێبکەوێت کە پرسی قسە لەسەرکردن چارەنووسی نەتەوەیەکەی بێت دەبێت ئەوە چ پەرلەمانتارێکی عەجیب بێت, دەبێت ئەو پەرلەمانتارە چەندە لە خەمی میللەتەکەی و مافە ڕەواکانی بێت, ئەی ئەو پارتەی متمانەی بەو ئەندامە داوە ببێتە پەرلەمانتارێك لە لیستی خۆی و لەسەر ئەساسی دەنگی ئەندامانی ئەو دەبێت لەبینین وێنەی لەو شێوەدا کە پەرلەمنتارەکەی لەکاتی گەرمترین دیلۆگ و مشتومڕ لەسەر گرنگترین پرسی وڵاتەکەی خەوی لێکەوتووە چی بە خۆی و ئەو ئەندام و لایەنگران و دۆستانەی دەنگیان پێداوە و کۆی کۆمەڵگاش لەگەڵیدا بڵێت, ئەو پارتە چۆن ڕووبەڕووی ڕەخنە و تەعلیق و توڕەییەکانی ئەندامانی خۆی و پارتەکانیتری کایەی سیاسی و کۆی کۆمەڵگا بێتەوە, چۆن ڕووبەڕووی مێژووی خۆی و بەرپرسیارێتیەکانی بێتەوە. ئەی ئەو پەرلەمانتارە چۆن سەیری وێنە ئەفسوناویەکەی خۆی دەکات, چۆن سەیری خەوە قووڵەکەی خۆی دەکات لەناو پەرلەمان, ئەی لەڕێگای ئەوەوە چۆن سەیری پارت و سەرکردایەتی پارتەکەی دەکات کەوا ئەو متمانەیەی پێ بوخشیوە نوێنەرایەتی دەنگی ئەندامان و لایەنگرانی بکات لەناو ئەو دەزگایە.

خەوی ئەو ئەندام پەرلەمانە تاکە ڕاستیەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کەوا بەدرێژایی مێژووی ئەوەندە ساڵەی دامەزراندنی پێکهاتەی یاسا دانەری کۆمەڵگا نووستووە, بەهیچ شێوەیەك لەئاگاییدا نەژیاوە, جگە لەوەش ئەوە ئاشکرا دەبێت بۆچی پەرلەمان نەیتوانیووە کارا بێت و ڕۆڵی سەر ەکی بگێڕێت وەکو دەزگایەکی شەرعی لەناو کۆمەڵگا.

لەو کاتەی پەرلەمانتار لەناو باڵەخانەی پەرلەماندا و لە گەرمەی دیلۆگکردن دەخەوێت, ئەوە مانای بێبەڵێنی دەکات لەگەڵ ئەو مرۆڤ و کۆمەڵگایەی شانسیان پێبەخشیووە لەبری ئەودا قسە بکات و بڕیاری چارەنوسسازس پەیوەست بەکۆمەڵگا بدات, کاتێکیش پەرلەمنتار بێ بەڵێنی دەکات ئەوە چیدی نابێت لەو شوێنە هەستیارەدا بمێنێتەوە, چونکە مانەوەی ئەم ئاماژەی بۆ ئەگەری کوشتنی بەرپرسیارێتی, دواجار کوشتنی خەونەکانی کۆمەڵگا و بەرەوپێشچوونیەتی, لێرەدا چەندە خەو لێکەوتنی ئەو پەرلەمنتارە زەنگی مەترسیدار لێدەدا, ئەوا ئەوەندە قسەنەکردنی پارتەککە مەترسیدارە, بەلاَم لەهەردووی ئەمانە مەترسیدارتر ئەوەیە کۆمەڵگا قسە نەکات و داوا نەکات ئەو پەرلەمانتارە لێدوانێك بدات و داوای لێبوردن بکات, یا کۆمەڵگا داوا بکات ئەو پەرلەمانتارە بگۆڕدرێت, چونکە ئەمە شوێنی نووستن نییە هێندەی شوێنی بە ئاگابوونە, شوێنی چاو لێکنان نهییە, هێندەی شوێنی چاوکرانەوەیە, پێویستە ئەو پارتە داوای لێبووردن لەلایەنگران و ئەندامانی خۆی بکات, ئەوانەی دەنگیان پێداوە, هەروەها داوای لێبووردن لە کۆی کۆمەڵگاش بکات لەوەی پەرلەمانتارەکەی خەوی لێکەوتووە, لە ئامادەیی پەرلەمانتارێکی لەو جۆرەدا دەپرسین و دەڵێین ئەری بەڕاست پەرلەمان هۆتێلە, ئەگەر وایە توخواکەی قوڵتر بنوو ئەندام پەرلەمان, تەنها پێت دەڵێم خەوخۆش پەرلەمنتاری ئازیز.